نزایەک بۆ خۆشەویستمان

ئومید محەمەد

پڕن لەباڵداری چاوتاریک
لێواولێو لەسەربڕینی ئارەزوو
سەمایان شاتووی خۆشەویستی وەران

گوڵم سێوێ

ئێرەمان نابێتەفردۆس
ئەم لاتەریبە شێواوە
وەک شێواوی ماڵەکەمان
بێ یەکسان بوون بەیەکتری پیریان کردین
بای پیری لەئاوێنەبوونمان دەڕوانێ
نەسیمی بەیانی فۆتۆی ئەونارنجانە دەگرێت
بەتەوسەوە لەسەرسنگت ڕاکشاون

گوڵم سێۆێ

تولەڕی ی ڕەشەڕێخانەکان ڕێگامان
پترلەسەدەیەک دەبا
هێشتاچەخماخە دەدا خۆشەویستی چەخماخە ****

گوڵم سێوێ

خۆر لەخۆشەویستیدا جوانترهەڵدێ
ئێمەش لەخۆشەویستیدا
هێندە منالٌ دەبینەوە
دەبینە دوو هەوری سپی و
ئێوارانێ هێو هێو
بەسەریەکدا دادەبارێنی

ئومید محەمەد

بۆرۆس ***سوويد
omed959@hotmail.com